# پاپا مرد، بژی کۆمۆنیزم !!

سمير نوری

ڕۆژی شەممە 2\4\2005 پاپا یوحنا پولسی دووەم مرد، دوای ئەوەی 26 ساڵ نوینەرایەتی خواو عیسای کرد لە سەر زەوی .گرنترین تایبەتیمەندی ئەم پاپایە دژی کۆمۆنیزم بوونەکەی بوو لەسەردەمی هات و هاواری ڕوخانی کۆمۆنیزم دا . وەك یەکێك لە ڕابەرانی بۆرجوازی هەموو توانای بۆ ڕاوەستانەوە لە دژی کۆمۆنیزم و ئاماناجە ئینسانی خوازی یەکسانی خوازیەکانی وەگەڕ خستبوو . لە پاڵپشتی لیخ ڤالیساو و باڵا دەست پەیدا کردنی کەنیسە و بورجوازی لە پۆڵەند دا دەوری سەرەکی هەبوو .

بە پێچەوانەی درۆ و دەلەسەی جورج دبلیو بۆش و تۆنی بلیر و سەرانی ورد و درشتی بورجوازی جیهانی پاپا نەك تێکۆشەرێك نەبوو لە پێناو ئازادیدا ، بەڵکو ڕێك لە بەرامبەر ئازادی بە مانای فراوانی ووشەکە و خەبات لە پێناو لە ناوبردنی رژێمی سەرمایەداری و هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی کاری بەکری دا ڕاوەستایەوە ، لە پاڵ خمێنی و بنلادن و مەلا عمر سیستانی و بلێر و بوش سەدام و شارۆن دا شەوی دەخستە سەر ڕۆژ بۆ بڵاو کردنەوەی خورافات و ئەفیونی دین لە نێو جەماوەری کرێکارو ژن و لاو دا لە سەراسەری جیهاندا .

میدیا درۆزن و پان پۆڕەکانی بورجوازی لە سەراسەری دنیادا ، هەر لە CNNو BBC وە تا هەزان دام دەزگای ڕیاکار لە سەراسەری جیهاندا کاری سەرەکیان بووەتە ڕازاندنەوەی ڕووی ناشرین و کۆنەپەرست و دژی کریکار و دژی ئینسانی دین و خورافاتی دینی و کۆنەپەرستترین شەخسیەتی دنیا و دەیکەنە ئازادیخوازترین کەس و دۆستی ژنان و منداڵان . لە کاتێکدا بەبەرچاوی دنیاوە دەیان قەشە لە ئەمریکادا ڕسیوا و ڕەزیل بوون سەرنجامی تەجاوزکرنیان بە منداڵان .

ئەمڕۆ ئیتر دین خرافەیەکی سەردەمی جەهالەت و نەزانی دواکەوتووی بەشەریەت نییە ، دواکەوتوویی بەرهەمی ناهێنێتەوە، بەڵکو لە کارخانەکانی سەرمایداریدا بەرهەم دێنرێتەوە و پیشەسازی دین یەکێکە لە ڕوکنەکانی هێشتنەوەی ڕژێمی سەرمایەداری ، ئەوەندەی زانست و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەدنیادا پێشکەوتووە کە دین و خورافات و ئەو ژەهراوەی دەیرێژن بەرگەی سەعاتێ ناگرێت، هیچ بنەمایەکی نەماوەتەوە لەڕووی زانست دا ، ئەگەر تۆپخانەی سەرمایەداری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پان و پۆڕەکانیان نەبێت ڕۆژانە و چرکە بە چرکەی ژیانی خەڵك تۆپ باران نەکات بە توژینەوەی ولێکدانەوەی هەڵگیڕاوەو پێچەوانەی حەقیقەتە کۆمەلایەتیەکانی و خواو موحەمەد و عیسا و موساو ..هتد لە گۆڕ نەهێنێتە دەرەوە نەیانکەن بە ملۆزمی سەر دڵی کرێکاران و جیهانی موتەمەدین .

خوا مرد، مەحەمەد و عیساو موسا مردن، پاپا یوحنا پۆلس مرد، دین مرد ، خورافە مرد ، بەڵام زیندوویان کردەوە، هەموو ڕۆژێ بەرهەمی دێننەوە، تا سەرمایەداری ماوە ، تا چینەکان و چەوسانەوەی چینایەتی ماوە، دین و پاپا و مەلا ، قەشەو کەشیش و هەموو ئەوانەی خورافە تەرویج دەکەن ، ئەفیون دەبخشنەوە زیندوو دەکرێنەوە ، پێویستی مانەوەی ئەم نەزم نیزامەیە .

پاپا لەبەرامبەر کۆمۆنیزم دا گرنگ بوو بۆ مراندنی کۆمۆنیزم هاتە سەرکار ، وەك تاتشەر و بۆش وەزیفەیان مراندنی ئاسۆی رزگاری بەشەریت بوو ، ویستیان ترسی تارمایی کۆمۆنیزم بڕەوێننەوە ، بەڵام ئەوان دەمرن کۆمۆنیزم زیندووە .

کۆمۆنیزم ئاڵای رزگاری بەشەریەتە ، خەباتی ڕۆژانەی کرێکارو ژن و لاو هەزاران ئینسانی عاشقی ئازادی و رزگاریە، مادام ژیان هەیە کۆمۆنیزم زیندووە .

سەردەمێك پاپایان هەڵبژارد ووتیان کۆمۆنیزم مرد، بۆ ئەوەی بیمرێنن بەڵام پاپا مرد ئەوەی خەوی پێوە دەبینی نەهاتە دی . نەك ئەوە بەڵکو کۆمۆنیزم ڕوو لە هەستانەوەیە بە قەولی مەنسور حکمت لە کۆتایی دەورەیکدا ، کۆمۆنیزم جارێکی تر ئاڵا کەی دەشەکێتەوە و وەرچەرخان بەرەو کۆمۆنیزم دەستی پێکردووەتەوە . پاپا مرد بژی کۆمۆنیزم .